فوئاد عەبدولموحسین

# ئاواتم بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بلو باج)ی نێودەوڵەتییە لە یارییەکانی جیهانی و ئۆڵۆمپیاد

**فوئاد یەکێکە لە گەنجە کوردە بەتواناکانی یاریی تۆپی سەرمێز لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، خاوەن کەسایەتییەکی زۆر بەهێزە لە بەڕێوەبردنی یارییەکانی تۆپی سەرمێز، تاکە ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە لە شاری هەولێرچەندین یاری بەهێزی بەڕێوە بردەوە، تاکە کوردە کە توانیویەتی یاریی کۆتایی پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی بەڕێوەببات، لەئێستاشدا بەرنامەی هەیە بۆئەوەی زیاتر گرنگیی بە ئاست و تواناکانی خۆی بدات بۆئەوەی وەکو کوردێک بتوانێ یارییەکانی جامی جیهانی و ئۆڵۆمپیاد بەڕێوەببات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

*** خۆت بە خوێنەرانی گوڵان بناسێنە ؟**

- ناوم فوئاد عەبدولموحسین تەهایە لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری هەولێرم و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیم و ناوبژیوانی نێودەوڵەتیم لە یاریی تێنسی سەرمێز.

***چۆن بوو بوویتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە یاریی تێنسی سەرمێز؟**

- من هەر لەسەرەتاوە بەهۆی خولیابوونم بە وەرزشی تێنسی سەرمێز یەك بەدوای یەك بڕوانامەکانم بەدەست هێنا، لە ساڵی ٢٠٠٦بڕوانامەی پلەی سێیەمم بەدەست هێنا، لەدوای ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، لە دوای ساڵی ٢٠١٠یەکێتیی تۆپی سەرمێزی جیهانی خولێکی نێودەوڵەتی کردەوە بۆناوبژیوانی تاقی کراینەوە لە ڕێگای ناونیشانی ئەلیکترۆنی لەلایەن یەکێتیی تۆپی سەرمێزی عێراقی وەڵامی ئێمە درایەوە کە دەرنەچووینە، دواتر چووینە خولی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کە لە هەولێر ئەنجامدرا لەگەڵ ٢٥ناوبژیوانی تر توانیم دووبڕوانامە بەدەست بهێنم و ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە کاری ناوبژیوانی تۆپی سەرمێزدەکەم ئێستاش سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی عێراقم.

*** بۆچی کاری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

- حەز و ئارەزووەکانم بۆئەم یارییە وای لێ کردم ئەم یارییە و کاری ناوبژیوانی لەم یارییە هەڵبژێرم.

*** لە کوردستان بەتەنیا تۆ ناوبژیوانی نێو دەوڵەتیت؟**

- لە سنووری پارێزگای هەولێر بە تەنیا خۆمم، بەڵام لە شاری سلێمانیش ناوبژیوانی نێودەوڵەتی هەیە.

*** هەست ناکەیت ئاستی تێنسی سەرمێز وەکو پێویست نییە؟**



دیمانە: کارزان کانەبی




- زۆر بە داخەوە دەتوانم بڵێم ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر زۆر لاوازە، بەڵام ئەگەر بەراوردێك بكەین لەگەڵ شاری سلێمانی دەبینین بە خۆشحاڵییەوە ئاستی ئەم یارییە لەوێ گرنگی زیاتری پێ دەدرێت، بوونی هۆڵی گونجاو و دابین كردنی پێداویستیی تایبەت بە یاریی تۆپی سەرمێز، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات گرنگی پێ نەدرێت چەند ساڵی تر لە شاری هەولێربەرەو نەمان دەچێت، چونكە نەبوونی هۆڵێكی گونجاو وتایبەت بەم یارییە و گرنگی نەدان لە هەموو روویەكەوە ئەمانە هەمووی هۆكاری سەرەكین بۆ دروست نەكردنی یاریزان چ لە رووی مادی و چ لە رووی مەعنەوی ئەگەر پێداویستیەكان نەبێت چۆن ئەم یارییە گەشە دەكات.

*** چی بكرێت باشە بۆبەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە كوردستان؟**

- بۆبەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە كوردستان پێویستە هۆڵی ستاندراتی جیهانی تایبەت بەم یارییە دابین بكەن، چونكە ئەمڕۆ سوپاس بۆخوا هەرێمی كوردستان ناوبانگی باشی هەیە لە جیهاندا چەندین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی لە یارییەجیاجیاكان بەڕێوەچوون، خاڵێكی گرنگە بۆبەهێز بوونی ژێرخانی وەرزشی، هێنانی ڕاهێنەری بیانی بۆپێگەیاندنی یاریزانانی تەمەن بچووك، گرنگیدان بەكردنەوەی خولی ڕاهێنەران و ناردنیان بۆدەرەوەی وڵات.

*** هەستت بە چی كرد كاتێك لە یاریی كۆتایی یانەكانی عەرەب كاری ناوبژیوانییەكەت پێ سپێردرا؟**

- وەكو ناوبژیوانێكی كورد هەستم بە خۆشییەكی زۆر كرد كە ئەم یارییەیان پێ سپاردم، چونكە كارێكی هێندە ئاسان نییە تۆ لە نێو ٣٠ ناوبژیوانی هەڵبژێردراو دەست نیشانت بكەن بۆ بەڕێوە بردنی یاریی كۆتایی، چونكە هەر ناوبژیوانێك هەڵسەنگاندنی بۆدەكرێت، من نەك هەر یاریی كۆتایی بەڵكو یاریی دەستپێكی پاڵەوانێتییەكە و پێش كۆتایشیان پێدام، دوای ئەوەش بوو كە ناجی العجمی سەرۆكی لیژنەی ناوبژیوانانی عەرەب منی هەڵسەنگاندبوو،ئەوان بەهاوكاریی ناوبژیوانی گشتی منیان هەڵبژاردبوو بۆبەڕێوەبردنی ئەم یارییە، سەرۆكی ناوبژیوانانی عەرەب پێی گوتم: زۆر خۆشحاڵ و سەرسامم و شانازیت پێوە دەكەم لەو ئاستەی كە لەكاتی بەڕێوەبردنی یارییەكان بەگشی ئەنجامت دا، لە پاڵەوانێتیی قەتەری نێودەوڵەتیش داواتنامەی بۆناردم بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە نەمتوانی بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە بكەم.

*** بەرنامەت بۆخۆت وەكو ناوبژیوانێك چییە ؟**

- هەوڵ دەدەم بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بلو باج)ی نێودەوڵەتی كە بتوانم بەشداربم لە بەڕێوەبردنی یارییەكانی جامی جیهانی و ئۆلۆمپیاد، هەروەها بە هاوكاریی یەكێتیی تۆپی سەرمێزی كوردستان و عێراق بتوانم خولێكی ناوبژیوانی بۆئەو كەسانەی ئارەزووی ئەم یارییە دەكەن بەتایبەت قوتابیانی كۆلێژی پەروەردەی وەرزشی وپەیمانگای وەرزشی ئەنجام بدەم، بۆئەوەی زیاتر شارەزابن لە بواری ناوبژیوانی و یاسا و گۆڕانكارییەكانی ئەم یارییە.

***بەچ ناوبژیوانێكی جیهانیی ئەم یارییە سەرسامیت؟**

- بەو ناوبژیوانە سەرسامم كە كەمترین هەڵە بكات چونكە ناوبژیوانیش مرۆڤە و هەڵە دەكات، سەرسامم بە ناوبژیوانی لێهاتوو محەمەد رەفعەت ئەلبسیونی میسری كە كەسێكی بەتوانایە لە یاساكانی ناوبژیوانی لە یەكێتیی تۆپی سەرمێزی جیهانی، خانمی ئێرانی (سیما لیمۆتجی ) كە زانیاریی تەواوی هەیە لەسەر یاساكانی خاوەن پێداویستیەكانی تایبەت، یەكێك بووینە لە بەڕێوەبردنی یارییەكانی ئۆلۆمپیادی پەكین،سوودێكی زۆرم لەوانە وەرگرتووە لێرەوە سوپاسیان دەكەم.



## كەڕار جاسم چووە یانەی ئیستقلال-ی ئێرانی

كەڕار جاسمی یاریزانی یانەی نەجەف بڕیاری جێهێشتنی یانەكەی دا و دەگەڕێتەوە ئێران.

چەند سەرچاوەیەكی نزیك لە كەڕار جاسمەوە رایانگەیاندووە، بەرپرسانی یانە ئێرانییەكە پەیوەندیان بە كەرارەوە كردووەو ئەویش بەئەرێنی وەڵامی داواكەی داونەتەوە و بڕیاری داوە تەنیا ئەو دوو یارییە لەگەڵ یانەی نەجەف ئەنجام بدات پاشان پەیوەندی بە یانەی ئیستقلالەوە بكات.

كەڕار بڕیاری داوە هەوڵەكانی چڕ بكاتەوە بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتە رێزی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییەكانی داهاتوو.

كەڕاری تەمەن ٢٦ ساڵ سەرەتا لەیانەی نەجەفەوە دەستیپێكردوەو دواتر بۆ یانەكانی وەكرەی قەتەری و سازی تەبرێز و ئیستیقلالی ئێرانی یاریی كردووە، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش بەشداریی جامی ئاسیای ٢٠٠٧ و ٢٠١١ و جامی كیشوەرەكانی ٢٠٠٩ و پاڵاوتنی هەردوو مۆندیالی ٢٠١٠ و ٢٠١٤ی كردووە.

# بیکنباوەر : هیوادارم گواردیۆلا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ بایەرن بەردەوام بێت

ئەفسانە وقەیسەری تۆپی پێی ئەڵمانی فرانز بیکنباوەر سەرۆکی شانازی یانەی بایەرن میونیخی ئەڵمانی ستایشی کارەکانی راهێنەری ئیسپانی پیپ گواردیۆلا لەگەڵ یانەکەی هەرێمی بەڤاریا کردو هیوای ئەوەی خواست ناوبراو لەم پۆستە بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو بەردەوام بێت، بیکنباوەر لە لێدوانێکدا گوتی : بێگومان من بەبایەخەوە چاودێریی هەموو کارەکانی گواردیۆلا دەکەم، وابزانم ئەو لەو ماوەیەدا وێنەی تەواوی هەموو یاریزانەکانی لای ئاشکرا بووە، ئێستا بارودۆخەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت، هیوادارم گواردیۆلا بۆ ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو لەگەڵ یانەی بایەرن میونیخ بەردەوام بێت . هەروەها بیکنباوەر ئەوەشی دووپاتکردەوە کەبوونی یاریزانی هاوشێوەی ماریۆ گۆتزە و تیاگۆ ئەلکانتارا کاری راهێنەرەکان ئاسانتر دەکات بەڵام لەهەمان کاتدا هۆشداریی ئەوەی دا کە هێشتا یانەی بایەرن میونیخ کارێکی زۆری لەپێشە بۆئەوەی ئاستی باشتر بێت سەرەڕای ئەوەی لە وەرزی رابردوو هەرسێ نازناوی خول و جامی ئەڵمانیا و چامپیۆنزلیگی بەدەست هێناوە .

لەلایەکی دیکەوە ئەستێرەی هۆڵەندی ئاریان رۆبن هێرشبەری یانەی بایەرن میونیخ رایگەیاند شێوازی کارکردنی راهێنەر گواردیۆلا ئاستی یانەکەی بەرەو پێش دەبات، رۆبن لە لێدوانێکیدا بە گۆڤاری کیکەری ئەڵمانی گوت : وابزانم بیرۆکە وشێوازی کارکردنی گواردیۆلا وامان لێدەکات لە وەرزی رابردوو بەهێزتر بین، من هەست بە گۆڕانکارییەکان دەکەم کەوامان لێدەکات باشتر یاری بکەین، ئەگەر گواردیۆلا بەهەمان شێواز بەردەوام بێت ئەوە دەتوانین دەسکەوتەکانی وەرزی رابردوو دووبارە بکەینەوە، ئێستا هەموو لایەك چاوەڕێی ئێمە دەکەن لە وەرزی داهاتوو، کەسیش رازی نابێت کە ئاستەکەمان کەمتر بێت لە وەرزی رابردوو .





# تۆر دۆ فرانس.. کریس فرۆم نازناوەکەی مسۆگەرکرد

لە شەقامی شانزلیزێی بەناوبانگ لەشاری پاریس پێشبڕکێیەکانی پاڵەوانیەتی فەرەنسای نێودەولەتی لەیاری پایسکل سواری ناسراو بە تۆر دۆ فرانس بۆ ساڵی ٢٠١٣ کۆتایی هات و بۆ ساڵی دووەم لەسەریەك نازناوەکە بۆ بەریتانیەکان بوو، پایسکل سواری بەریتانی کریس فرۆم نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە ٢١ قۆناغی پێشبڕکێیەکەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بەجیاوازیی زیاتر لە چوار خولەك بەپێش نزیکترین رکابەرەکانی کەوت، فرۆم لە پاڵەوانییەتی ٢٠١٣ لە سێ قۆناغدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، لە ساڵی ٢٠١٢ پایسکلسواری بەریتانی برادلی وینگز نازناوەکەی بەدەست هێنا بەڵام بە هۆی پێکانەوە نەیتوانی بەشداری لە پاڵەوانێتیی ٢٠١٣ بکات .

پاڵەوانێتی ٢٠١٣ تایبەتمەندیی خۆی هەبوو چونکە پاڵەوانێتیی ژمارە ١٠٠ بوو کە لەساڵی ١٩٠٣ دەستی پێکردووە و لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهان لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٧ ئەنجام نەدراوە، تا ئێستاش پایسکلسوارانی فەرەنسا ٣٦ نازناویان بەدەست هێناوە ئینجا پایسکلسوارانی بەلژیکا بەپلەی دووەم دێن بە ١٨ نازناو و ئیسپانیا بە ١٢ نازناو و ئیتالیا بە ٩ نازناو و لۆکسەمبۆرگ بە ٥ نازناو و ئەمریکا بە ٣ نازناو و دوو نازناو بۆ پایسکلسوارانی بەریتانیا و هۆڵەندا و سویسرا و یەك نازناو بۆ پایسکل سوارانی ئەڵمانیا و ئوستورالیا و دانیمارك و ئێرلەندا .

ریزبەندی کۆتایی پایسکلسوارانی تۆر دۆ فرانس لە ساڵی ٢٠١٣ بەم شێوەیە بوو :

١- کریس فرۆم لە بەریتانیا ٨٣,٥٦,٤٠ کاتژمێر
٢- نایرۆ کوینتانا لە کۆلۆمبیا بە جیاوازی ٤,٢٠ خولەك
٣- خواکین رۆدریگز لە ئیسپانیا بە جیاوازی ٥,٠٤ خولەك
٤- ئەلبرتۆ کۆنتادۆر لە ئیسپانیا بە جیاوازی ٦,٢٧ خولەك
٥- رۆمان کرۆیزیگەر لە کۆماری چیك بە جیاوازی ٧,٢٧ خولەك



# ڤان پێرسی
# برسی نازناوەکانە

ئەستێرەی هۆڵەندی رۆبن ڤان پێرسی هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بە تۆمارکردنی ٣٠ گۆڵ بۆ یانەی شـەیتانە سـوورەکان رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەبەدەسـت هێنانی نازناوی ٢٠ هەمینی پریمەر لیگ بۆ یانەکەی، هۆکاری سـەرەکی هاتنی ڤان پێرسی لە یانەی ئەرسنالەوە بۆ یانەی مان یونایتد بەدەست هێنانی نازناوەکان بوو، ئێستاش پێش دەست پێکردنی وەرزی تازە جارێکی دیکە ڤان پێرسـی رایگەیاند چاوی لە نازناوی دیکەیە، ڤان پێرسی لە لێدوانێکدا گوتی : چەند ساڵێکی دیکەم لە پێشـە لەبۆندەکەم، هیوادارم نازناوی زیاتر لە خولی ئینگلتەرا بەدەست بهێنم .

ڤان پێرسی تەمەن ٢٩ ساڵ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی : لە وەرزی رابردوو من برسی نازناوەکان بووم بەڵام ئێستا من زیاتر هەست بە برسییەتی دەکەم بۆ نازناوەکان، ئێمە خـاوەن کۆمەڵێك یاریزانی لێهاتووین کە دەتوانن نازناوی زیاتر بەدەسـت بهێنن و ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەن، بەدەسـت هێنانی نازناوی خولـی ئینگلتەرا لە وەرزی رابردوو یادەوەرییەکی یەکجار خۆش بوو .

دەربـارەی راهێنەری تـازەی یانەکەی دێڤید مۆیس، ڤان پێرسی گوتی : دێڤید مۆیس راهێنەرێکی لێهاتـووە، کارەکانی زۆر بەباشی ئەنجام دەدات و خۆی ماندوو دەکات، مـن چەنـد جارێك لەگەڵی دانیشـتووم، هیوادارم لـە ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێت .

# مۆرینهۆ بۆ مۆیس:
# کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەبیری خۆت ببەرەوە

راهێنەری پێشـووی یانەی ریال مەدریدی ئیسـپانی جۆزێ مۆرینهـۆ راهێنـەری ئێسـتای یانـەی چێلسـی ئینگلیزی ئاگادارییەکـی بەهێزی ئاراسـتەی دێڤید مۆیـس راهێنەری یانەی مانچسـتەر یونایتدی ئینگلیزی کرد کە مەحاڵە جارێکی دیکە یاریزانی پورتوگالی کریسـتیانۆ رۆنالدۆ بگەڕێتەوە ریزی یانەی شـەیتانە سوورەکان، یانەی مانچسـتەر یونایتد بەهیوای گەڕاندنەوەی یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆیە بەتایبەتی دوای ئەوەی ناوبراو خۆشەویسـتی خۆی بۆ یانەی مان یونایتد دووپاتکردەوە و رایگەیاندبوو بیری خولـی ئینگلیزی دەکات، ئەگەر بێتو ئەم بۆندە سەربگرێت دەبێتە دەسـکەوتێکی گەورە بۆ راهێنەر مۆیس و دەسـتەی کارگێڕیی یانەی شەیتانە سوورەکان، بەڵام راهێنەری یانەی چێلسی مۆرینهۆ ئەم ئەگەرە زۆر بەدوور دەزانێت، مۆرینهۆ لەمبارەیەوە گوتـی: ئەوەی من بیزانم ریـال مەدرید یانەیەکی دەوڵەمەندە و پێویستی بەپارە نییە بۆیە زۆر زەحمەتە ئەستێرەیەکی وەك کریسـتیانۆ بفرۆشێت ئەگەر پارەیەکی خەیاڵیشی بۆ تەرخان بکرێت . هەروەها سپێشـەڵ وەن گوتی: مـن رۆنالدۆ لەنزیکەوە دەناسـم و دەزانم مانچسـتەر یونایتدی خۆش دەوێت و سەرسامە بەکـەش و هەوای خولی پریمەرلیگـی ئینگلیزی، بەڵام وابزانم لەگەڵ یانەی ریـال مەدرید لەخولی ئیسـپانیا بەردەوام دەبێت، ئەوە تەنها هەستی خۆمە چونکە من لەم بارەیەوە پەیوەندییم بە کریستیانۆوە نەکردووە.

جێگای ئاماژە پێکردنە راپۆرتە هەواڵەکانی ئیسپانیا دووپاتی دەکەنەوە کەیانـەی ریال مەدرید بۆندەکەی کریسـتیانۆ رۆنالـدۆ درێـژ دەکاتـەوە و دەیکاتە خاوەن گەورەترین مووچـە لەمێژووی تۆپی پێی جیهانیدا.





# یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان لە هەولێر بەڕێوە دەچێت



## پاڵەوانێتیی کوردستان بۆ یاریی تێنسی سەر زەوی لە هەولێر تەواو بوو

دوای کێبڕکێیەکی بەهێزی سێ ڕۆژەیی یانزە یانەی بەشداری پاڵەوانیەتی تێنسی سەر زەوی یانەکانی کوردستان.

یارییەکانی ئەم پاڵەوانییەتییە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە گۆڕەپانی ئەکوا پارکی پایتەختی کوردستان بە بەشداریی **٢٦** یاریزان بەڕێوەچوو، دوای ململانێیەکی بەهێز ئەنجامی کۆتایی کێبڕکێکان بەمشێوەیە بوو:

ئاستی ٨ساڵی: یاد تەحسین پلەی یەکەم یانەی قەڵا، سەفین عەلی پلەی دووەم یانەی کەرکووك، ئەحمەد مەهدی پلەی سێیەم یانەی کەرکووك.

ئەنجامی یانەکان بۆ ئاستی ٨ساڵی: یانەی قەڵا پلەی یەکەم، یانەی کەرکووك پلەی دووەم، یانەی تەئاخی پلەی سێیەم.

ئاستی ١٠ساڵی: داریان عەبدولقەهار پلەی یەکەم یانەی پێشمەرگەی هەولێر، دەریا کاوە پلەی دووەم یانەی نیشتمان، مستەفا فەرهاد پلەی سێیەم یانەی پێشمەرگەی هەولێر.

ئەنجامی یانەکان بۆ ئاستی ١٠ساڵی: یانەی پێشمەرگەی هەولێر پلەی یەکەم، یانەی دهۆك پلەی دووەم، یانەی نیشتمان پلەی سێیەم.

ئاستی ١٢ساڵی: هەردی دلێر پلەی یەکەم یانەی کەرکووك، ئەحمەد گۆهدار پلەی دووەم یانەی دهۆك، زانکۆ دلێر پلەی سێیەم یانەی کەرکووك.

ئاستی ١٢ساڵی: یانەی کەرکووك پلەی یەکەم، یانەی دهۆك پلەی دووەم، یانەی نیشتمان پلەی سێیەم.

پاڵەوانێتیی تێنسی سەر زەوی یانەکانی کوردستان بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندی تێنسی سەر زەوی کوردستان بەڕێوەچوو.

## خولێکی تێنسی سەرمێز بۆ یانەکانی شاری سلێمانی تەواو بوو

لە هۆڵی فایەق قەسابی تایبەت بە یانەی سلێمانی کۆتایی بەیارییەکانی پاڵەوانێتیی تۆپی سەرمێزی یانەکانی شاری سلێمانی بۆ هەردوو ئاستی خونچەکانو بێچووەشێران بۆ کوڕانو کچان هات، کە هەریەك لە یانەکانی (سلێمانی، سیروانی نوێ، ئاشتی، پێشمەرگەی سلێمانی، ئەفرۆدێت) تێیدا بەشداربوون بەبەشداری ٢٤یاریزان تەواو بوو.

ئەم پاڵەوانێتییە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند، دوای ڕکابەرییەکی بەهێزیش ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەم شێوەیە بوو.

لەسەر ئاستی خونچەی کوڕان ژیار نەوزاد و ئاریا ئیدریس لەیانەی ئاشتی پلەکانی یەکەم و دووەمیان بەدەستهێنا.

یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بڕیاری دا یارییەکانی کۆمەڵەی سـێیەمی پاڵاوتنی جامی ئاسیا بۆ لاوان لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت..

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا قادر شەمخی ئەندامی یەکێتیی تۆپی پێـی عێراق رایگەیاند لە رۆژانی ٨-١٢/١٠/٢٠١٣ لەشاری هەولێر، یارییەکانی کۆمەڵەی سێیەمی پاڵاوتنی جامی ئاسیا بە بەشداری هەڵبژاردەکانی عێراق و کوەیت و پاکستان و بەنگلادیش دەستپێدەکات.

هەروەهـا رۆژی ٨ی مانـگ عێـراق یەکەمین یاری بەرامبەر بەنگلادیش ئەنجامدەدات و رۆژی ١٠ی مانگیش رووبـەڕووی پاکسـتان دەبێتـەوە، رۆژی ١٢ی مانگیش بەرامبـەر کوەیت دوایـین یاریی خـۆی ئەنجامدەدات و پاڵەوانی کۆمەڵەکەش سـەردەکەوێت بۆ پاڵەوانێتیی جامی ئاسیا کەبڕیارە ساڵی ٢٠١٤ لە بانکۆکی پایتەختی تایلاند بەڕێوەبچێت.

بڕیـارە هەڵبـژاردەی تازەپێگەیشـتووانی عێراق لەجێی هەڵبـژاردەی لاوان ئەو ٣ یارییە ئەنجامبدات، تاوەکو ببێتە ئامادەکارییەکی زیاتر بۆ هەڵبژاردەکە پێش بەشداریکردنیان لەیارییەکانی جامی جیهانی تازەپێگەیشـتووان کەبڕیارە لە رۆژی ١٧/١٠/٢٠١٣ لە ئیمارات دەستپێبکات.



# فەرحان شوکر
# لەگەڵ سلێمانی بەردەوام دەبێت

دوای ئەوەی توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکانی جامی جیهانی لاوان لە وڵاتی تورکیا لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی عێراق فەرحان شوکر هێرشـبەری یانەی سلێمانی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ٣ گۆڵی بەنرخی بۆهەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆماربکات و بە ئاستە بەرزەکەی بووە مایەی سەرنجی چەندین یانـەی بەناوبانگی وڵاتانی جیهان، بۆیـە هەریەك لە یانەکانی کۆنیا سـپۆرلە خولی یانەکانی تورکیـا ویانەیەکی تری خولی تورکـی و لە یانەیەکی وڵاتـی تایلەند گرێبەسـتی بۆهاتووە بۆئـەوەی دوای کۆتایـی هاتنی یارییەکانـی جامی جیهانی گرێبەسـتی لەگەڵدا مۆربکەن، لە ئێستاشدا فەرحان گرێبەستی یەك سـاڵەی لەگەڵ یانەی سلێمانی بە ٣٠ ملیۆن دینار واژوو کردووە بۆئەوەی بە درێـژی یانەی سلێمانی لە خولی بژاردەی عێراقی بەرگری لەو یانەیە بکات، مەلا جەبار سەرپەرشـتیاری یانەی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند: ئێمە گرێبەستی یەك سـاڵمان لەگەڵیدا واژوو کردوە بۆئـەوەی لەخولی بژاردەی عێراقی یاریمان بۆبکات، لە دوای ئەم سـاڵەش خۆی سەرپشك دەکەین لە ئەگەری مانەوەی یاخود رۆیشـتنی بۆهەر یانەیەکی تـر، ئەگەر ئەویش بڕوات ئێمە دەتوانین چەندین یاریزانی بەتوانا کە لە ریزی هەڵبـژاردەی یەکەمی عێراقی یاری دەکەن بە پارە بگوازینەوە یانەکەمان، لە ئێستادا هاتنی یاریزانان هەمووی بۆتە پارە ئەگەر فەرحانیش یانەکەی بەجێهێشـت شتێکی زۆر ئاساییە ئێمە یاریزانی تر لە شـوێنی ئەو دەهێنین، بەڵام دەبێ لە ئێستادا بەردەوام بێت تا کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی ئەوکاتیش قسەی لێ دەکەین.



لەسەر ئاستی خونچەی کچان لەنیا هێڤی لەیانەی سیروانی نوێ و سانا نەوزاد لەیانەی ئاشتی پلەکانی یەکەم و دووەمیان بەدەستهێنا.

لەسەر ئاستی بێچوەشـێرانی کوڕان دیاکۆ عوسمان لەیانەی ئاشـتی پلەی یەکەم و بەڵێن سـەلام لەیانەی پێشـمەرگەی سـلێمانی پلەی دووەم و محەمەد عومەر لەیانەی سـلێمانی پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

لەسەر ئاستی بێچوەشێرانی کچان هەریەك لەیاریزانان ئەوین عەلـی و ئەژین عەلی و زین سـەفین لەیانـەی ئەفرۆدێت پلەکانی یەکەم تا سێیەمیان بەدەستهێنا.